## جیهاد دڵپاک

رازی شانۆکارێك
یاسین قادر بەرزنجی



کەرکوك ، شارە دێرینەکەی کوردستان ، هەر چۆن لە مێژوودا ناوێکی گەورەیە، دەیانساڵیشە بووەتە سەربوردەی تراژیدیای کوردان و رەمزی کۆڵنەدان و سروودی ئازادیخوازان ..کەرکوك هەرچۆن شاری شێخ رەزای تاڵەبانی و شێخ مارف بەرزنجی و عەلی مەردان و لەتیف هەڵەتە ، هاوکات شاری دەیان شانۆکاری کوردو دراماکاری کوردە کە بوونەتە بەشێکی دیار لە رەنگ و رووی هونەری سەنگینی کوردی.یەکێك لە هەرە ناوە دیارەکانی ئەو بزاڤە شانۆییە لە کەرکوکدا ،هاوکات یەکێك لە ناوە درەوشاوەکانی درامای کوردی (کە بەلای منەوە کەرکوك دایکی درامای تەلەفزیۆنیی کوردییە ) ، پاشانیش یەکێك لە ناوە لەیادنەچووەکانی سینەمای کوردی ، هونەرمەندی گەورە جیهاد دڵپاکە.ئەو هاوڕێ خۆشەویستەی لەسەر تەختەی شانۆ و لەبەرچاوی کامێرادا چەندین ئەفراندنی هەبوو: ئەکتەری بەهرەمەند ،دەرهێنەری بەتوانا ، دراماتۆرگی کارامە ، نووسەرو وەرگێڕی لێزان ،خاوەنی چەندین شیعری درامی و لیریك ، هاوکات مامۆستایەکی خەمخۆرو راهێنەرێکی ماندوونەناسی هونەری شانۆ.جیهاد دڵپاکی نەمر، نەك بۆ تەنیا خەڵکی کەرکوك و گەرمیان ، بەڵکو بۆ هەموو کوردێکی کوردستانی گەورە مایەی شانازییەو لای ئێمەی هاوڕێیانی شانۆکاریشی ، هەمیشە ناوو یادی بەزیندوویی دەمێنێتەوە .

## ئەکتەر.. وزەیەکی هەمیشەیی

کاردۆ محەمەد

ئەکتەر گرنگییەکی زۆری هەیە لە پرۆسەی نمایشی شانۆییدا بەو پێیەی نێرەری ئەو ئاماژانەیە کە نمایش دەیانخوازێت بگەنە زەینی وەرگر بۆیە دەبێ ئاگاییەکی تەواوی هەبێت لەبارەی جەستەی و کارکردنی لە نێو پانتاییدا ،لەو سۆنگەیەوە جێرزی گرۆتۆڤسکی لە تاقیگەکەیدا ئەوەی کە تەنها هێشتییەوە بۆ بەردەوامیدان بە پەیوەندیی وەرگر و نمایش ئەکتەر بوو ،ئەویش لەڕێی پەرەپێدانی تواناکانی جەستە و دەنگەوە ،ئەکتەر لە لابۆرەکەی کرۆتۆڤسکی دا هەمیشە لە هەوڵداندایە بۆ دۆزینەوەی خۆی لە پێناو گەیشتن بە و سرووتەی کە بۆ نمایشەکانی دەیخوازێت، ئەو سرووتەی کە بەلای ئەوەوە دۆزینەوەیەکی نوێ نییە بەڵکو لابردنی گەردوخۆڵە لەسەر شتێك کە لەبیرـچووەتەوە، ئەم بایەخپێدانە درێژەی هەیە بە جۆرێك لای یۆژینۆ باربا دەگاتە ئاستێکی باڵاتر،باربا بەناوی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆوە لێکۆڵینەوە لە دۆخێکی هەستیار دەکات کە دۆخی بەر لە گوزارشتکردنە لەنێو کردەی شانۆییدا ،ئەویش پەیوەندیی بە یادەوەرییەکەوە هەیە و لەقۆناغی منداڵییەوە دەستپێدەکات .

بۆیەئەکتەر لە شانۆدا ماتریالێکی بێگیان نییە بەڵکو وزەیەکی بێکۆتایە ئەبێ بەردەوام پارێزگاریی لەو وزەیە بکات و پەرەی پێبدات، راستە لە دراما و سینەما دا خستنەگەڕی وزەکان جیاوان هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ فرەئامرازیی لە پێکهێنانی گووتاری نمایشی سکرین وەك جووڵەی کامێرا و گرتەی جیاواز و گۆڕانی لۆکەیشنەکان بە ئاسانی ،بە شێوەیەکی گشتی چاوی کامێرا یارمەتیدەرێکی گەورەیە بۆ ئەکتەری سکرین ،لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەکانی دەموچاو و دەنگ بایەخێکی زۆریان پێدەدرێت ، ئەمەیش پێویستی بەڕاهێنانی بەردەوامە کە دەبێت لەسەر بنەمایەکی زانستیانە ئەنجامبدرێت، کەوایەئەکتەر لە هەر بوارێکدا بێت (سینەما یان شانۆ) پێویستە لە کارەکەیدا رۆشنبیرییەکی فراوانی هەبێت و لەبەکارهێنانی کەرەستە و ئامرازەکانی دا بە ئاگابێت .

## فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك
## خولی جیهاد دڵپاك



دانا رەئووف

لە کۆتایی حەفتاکان، بەرلەوەی بچمە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا، هونەرمەندانی شاری کەرکوك چەند زنجیرەیەکی تەلەفیزۆنییان لە کەرکوکەوە پەخش کرد و بینەرێکی زۆریان، لە هەموو کوردستان لە دەوری خۆیان کۆکردەوە. (مەرەزە) یەکێك بوو لەو زنجیرانە و هەر لەو زنجیرەیەشدا، دوو کەسایەتی شاری کەرکوك دەرکەوتن: جیهاد دڵپاك و عەلی کەریم، کە پاش ماوەیەکیش هاتنە شاری سلێمانی و بوون بە بەشێك لە تیپی نواندنی سلێمانی و رەوتی شانۆی کوردی لە سلێمانی.
جیهاد دڵپاك هەر زۆر زوو جێگای خۆی لەنێو دڵی خەڵکی شارەکە و هونەرمەنداندا کردەوە و بوو بە سیمایەکی دیاری کولتووری و رۆشنبیری شارەکە. من لێرەوە جیهاد دڵپاکم ناسی. مێردمنداڵێك بووم، سەرم هەڵدەبڕی و سەیری باڵا بەرزەکەی دڵپاکم دەکرد، سیمایەکی هەمیشە پڕ لە خەندە و ڕۆحێکی سووك و کەسێك، کە دەیوویست هەمیشە دەستی یارمەتی و خۆشەویستی بۆ بەرامبەرەکانی ڕابکێشێت. حەزی شانۆ منی بەرەو تیپی نواندنی سلێمانی ڕاکێشا، لەو تیپە بووم بە دۆست و دواتریش بە ئەندام و لە نزیکەوە جیهاد دڵپاکم ناسی. من و جیهاد دڵپاك هەر زوو بووینە هاوڕێ، هۆکارەکان زۆر بوون، جگە لەوەی ئەو کەسێکی خۆشەویست بوو، لە بواری شانۆدا ڕۆشنبیرێکی باش و کەسێك بوو ئاگای لە کون و کەلەبەی ئەدەبیاتی شانۆدا هەبوو. ئەو لە هیچ ئامۆژگایەکی هونەری نەیخوێند بوو، بەڵام تەواو ئاگاداری ڕەوتی شانۆی جیهانی بوو. من هەر لەسەرەتاوە، تیۆری شانۆ و لایەنە مێژوویی و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی شانۆ، جێگای سەرنجم بوو. لەو سەردەمانەدا هیچ کەسێك هێندە گرینگی بەو بوارە نەدەدا و کەس ئاوری لە تیۆری شانۆ و ڕەخنەی شانۆ نەدەدایەوە، هاوکات لایەنە فەلسەفییەکەی شانۆ و هزر لە شانۆ و دەقی شانۆیدا، شتێك بوو، زۆربەی زۆری شانۆکاران بێ ئاگابوون لێی. هیچ شتێکی ئەوتۆیش لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، لەسەر شانۆ بڵاو نەدەکرانەوە، ئەوە کتێبی شانۆیی بە زمانی کوردی هەر نەبوو. ئا لەم کاتەدا جیهاد دڵپاك سەرچاوەیەکی گرینگ و فەرهەنگێکی بێهاوتای شانۆ بوو. من وەك مێردمنداڵێك و ئەویش وەك کەسێکی لە من بە تەمەن تر و خاوەن ئەزموون، زۆر شت کۆی دەکردینەوە: ڕۆشنبیری شانۆ، فەلسەفە، پرنسیپەکانی شانۆ، پێوەندییەکانی شانۆ و کۆمەڵگە، بێگومان زۆر مەسەلەی سیاسیش، کە لەوکاتانەدا بەهای خۆی هەبوو، هەروەها ترسناکیش بوو. جیهاد دڵپاك بەردەوام ئەم مەسەلانەی بۆ باس دەکرین، گفتوگۆمان لەسەر دەکرد و سەرچاوە و کتێبی شانۆیی، بە زمانی عەرەبی بۆ دەهێناین .
زۆرجار ئێمەی گەنج کێشەمان لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەری تیپ دەبوو، ئەوەی پشتگیری دەکردین و بە دەنگمانەوە دەهات، بێگومان جیهاد دڵپاك بوو. جیهاد دڵپاك هەمیشە شەڕی ئێمەی دەکرد، شەڕی پشتگیری و شەڕی هونەر و شەڕی ئەوەی، کە ئێمەیش جێگایەکی تر و دەنگێکی ترمان لە تیپدا هەبێت. ئەو دەیوویست ئێمە پێگەی هونەری و کەسایەتیمان زۆر زیاتر بێت لەوەی لەناو تیپی نواندنی سلێمانی دا هەمان بوو، کە من و کەریم عوسمان و شەماڵ عومەریش دەستمان بە تەواوی لە تیپ کێشایەوە و تیپی شانۆی ئەزموونگەریمان دامەزراند، جیهاد دڵپاك بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لێ کردین. ئێستا هونەرمەندە بە ئەمەکەکانی شاری کەرکوك، لەم بارودۆخە خراپەی شارەکەدا، کە بە تەواوی داگیر کراوەوە و هەموو پێناس و شووناسی کولتووری کوردی و مرۆڤی کورد، لەژێر هەڕەشەدایە، فێستیڤاڵی شانۆ سازدەکەن و بە ناوی جیهاد دڵپاکیشەوە ئەم فێستێڤاڵە دەکەن. من پێشنیار دەکەم، ئەگەر ئەم فێستیڤاڵە ساڵانە بێت، هەر بەناوی جیهاد دڵپاکەوە بکرێت و نەبێتە خولی جیهاد دڵپاك، ئەگەر کەسێك لە کوردستان و بە تایبەتی لە شاری کەرکوك شایەنی ئەوەبێت ساڵانە فێستێڤاڵی بە ناوەوە بکرێت، بێگومان ئەو کەسە (جیهاد دڵپاك)ە .

گۆشەی تایبەت

## شانۆیەکی ژنانە ؟
## یان بەشداری ژن لە شانۆدا ؟

(بەشی یەکەم)



لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژودا دەبینین هەر قۆناغێك بۆ خۆی چەندەها دیاردەو ئاماژە لە خۆدەگرێت ،دروستترە پێش هەمو لایەنێك تیشك بخەینە سەر بەشێکی زۆرینەی کۆمەڵگا لە هەر قۆناغێکدا بێت کە کاریگەرییەکی راستەوخۆیان لە سەر لایەنی ژیاریی و پەروەردەیی و ئابوری هەیە ئەویش ( ژنانن). کۆمەڵگای کوردیش هاوکات لە گەڵ هەمو کۆمەڵگای جیهانیدا بە چەند قۆناغیکدا تێپەڕیوە کە رەنگە بۆ کۆمەڵگای رۆژئاوایی و ئەمریکایی سەد دەرسەد وا بێت وەك قۆناغی کشتوکاڵی ، و دواتر پیشەسازی ، و ئێستاش قۆناغی تەکەنۆلۆجیا کە هەریەکەیان چەندەها سیمای دیاری قۆناغەکەی پیوە دیارە بەڵام لە مێژوی ئێمەدا کەم تا زۆر بێ بەش بوین لە قۆناغی دوهەم کە ئەویش قۆناغی پیشەسازیە لە بەر ئەوەی ئێمە کۆمەڵگایەکی بەرهەم هێنەر نەبوین ئەوەندەی کە بخۆر بوین یان بە کار بەر بوین خودی ئەمەش کاریگەریەکی نەرێنی ئابوریانەی بۆسەر کۆمەڵگا ی ئێمە هەبوە بە تایبەت بۆ ژنان ، و هەرئەوەش وای کردوە کە بەتایبەت لە رابردودا ژنی کورد زۆرترین سەرچاوەی دارایی بۆ بژێوی ژیانی چاوی لە گیرفانی پیاو بوبێت ، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا لە رۆژئاوادا قۆناغی پیشەسازی کاریگەریەکی ئەرێنی هەبووە لە سەر ژنان بەکرانەوەی دەرگایەك بۆ رەخساندنی دەستی کاری ژنان کە بتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن ، و لە هەمان کاتیشدا ،هەستکردنیان بە چەوسانەوە لە نێو کارگەکاندا بە کارکردنی کاتێکی زۆر بە رامبەر بە مافێکی کەم ، و ببونە قوربانی دەستی پیاوان هەر ئەمەش هۆکار بو بۆ ئەوەی ژنان بێ دەنگ نەبن لە ئاست پێشێلکردنی مافەکانیاندا و راپەڕن و داوای مافی خۆیان بکەن، و ئە وشۆرشە بەرپا بکەن بەتاییبەت لە ئەمریکا کە پێی وترا رۆژی ٨ ی مارس و ژنان توانیان بەشێك لە مافەکانی خۆیان بسێنن ، لەم دەرەنجامەشدا ،ژنان کەوتنە هەوڵدان بۆ پێشڕەوایەتی دامەزراندنی جەندەها رێکخراو و دەزگا بۆ پشتگیری کردن لە مافەکانیان .
بابەت و کێشەکانی ژنان بوون بە کرۆکی بابەتەکانی رۆژ ، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانیە بۆ ئێمەی کورد بارودۆخ گونجاو ولە بار نەبو بۆ کاراکردنی قۆناغی پیشەسازی و دابونەریتیش یەکێکی تر بوو لە هۆکارە کوشندەکان بۆیە ژنان وەك پییۆیست نەیانتوانی لە گەڵ کاروانە جیهانیەکەدا هاوتەریب بن ، بۆیە هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بچینە ناو دەروازەی کارکردنی ژنان لە شانۆدا چوون مەحاڵە کاتێ لاپەڕەکانی شانۆ هەڵبدەینەوە خۆمان بە دور بگرین لە بارو دۆخی ژنان لە نێو کۆمەڵگاکەماندا .

گەزیزە

This document was created with the Win2PDF “print to PDF” printer available at
http://www.win2pdf.com

This version of Win2PDF 10 is for evaluation and non-commercial use only.

This page will not be added after purchasing Win2PDF.

http://www.win2pdf.com/purchase/